# جەمال تاهیر کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو..

من شەهید مامۆستا جەمال تاهیرم لە ناوزەنگ ناسی. پێش ئەو ناسینو ئاشنابوونە. لە سلێمانی, لەلایەن برادەرانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە. ناووناوبانگی ئەم پیاوەم گوێ لێ دەبوو. کە مەسئولێکی گەورەو شارەزا بووە لە کاروباری ڕێکخستندا. دوای ئەوەی ناسیم, دیاربوو پیاوێکی ناسكو سەرڕاستو لەخۆبردبوو. لە زیندانیشدا, پاڵەوانێکی چاونەترسو زۆر خۆڕاگرو تێکۆشەرێکی بێ وێنە بووە. ئەوانەی ئەم پیاوەیان ناسیوە, هەمودەم بەنموونەی ڕاستگۆیی و ئەخلاق بەرزو دەستو داوێن پاك ناویان بردوە. لەلایەن مام جەلالو کاك نەوشیروانەوە زۆر خۆشەویست بوو ئەو کاتەی کە هاتە ریزی پێشمەرگە. بارەگای (ی.ن.ك) و کۆمەڵە لە ناوزەنگ بوو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جێگای لەناو دڵو دەروونی خەڵکەکەدا بۆخۆی دیار کردو سەرنجی هەر هەموانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا, چونکە پیاوێکی بێ فیز بوو. سادە بوو لە مەعامەلەکردندا لەگەڵ دەوروبەر جیددی لە کارەکانیدا. منیش ئەوکاتە لەگەڵ فەرەیدون لە ناوزەنگ ئەژیاینو یەکێك بووم لەو دۆستو برادەرانەی کاك جەمال تاهیر, بۆم دەرکەوت کە پیاوێکی ناسكو خۆش مەشرەب بوو هەتا بڵێی ئیحتیرامی خەڵکی لا گەورە بوو. قابیلەتێکی زۆر سەیری هەبوو لە خۆ گونجاندن لەگەڵ خەڵكو برادەرەکانی. چونکە لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاریدا بێ غەڵو غەش بوو کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو, هەر زوو جێگای خۆی گرتەوە لەلایەن سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی خۆشەویست بوو. ئەوکارەی کە بەویان سپارد, بریتی بوو لە دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵە, پڕ بەپێستی بەهرەو توانای ئەو بوو, چونکە شارەزاییەکی بێ سنووری لەم مەجالەدا پەیدا کردبوو.

بە حوکمی ئەو تێکەڵبوونەوەی لەگەڵ ئێمەدا هەیبوو, لەگەڵ باقی برادەرەکانی دیکەدا. هەموو دەم قسەی باش و بۆچوونی جوانی لەگەڵ برادەرەکانیدا دەردەبڕی, هەمیشە ببوە هەوێنی برایەتیو تەبایی نێوانیان و دەوری خۆی دەنواند, لە بواری هەرکێشەو گرفتێك ئەگەر دروست ببوایە.

شتێکی تریش هەیە کە من بەویژدانەوە, حەقیش وایە هەموو ئەوانەی ئەم شەهیدە دەناسن, بە ویژدانەوە باسی بکەن, ئەوەیە, کاك جەمال تاهیر پیاوێکی بەوەفا بوو بۆ خێزانی و منداڵەکانی. زۆر لە خەمی ئەواندا بوو, ئەو ڕۆژانەی کە بەدری خانی خێزانی دەهاتە سەردانی بۆ ماوەیەکی کورت دەمایەوە لەلای. ئەو کابرایە پێوەی دیار بوو تا چەند ڕێزی لێ دەگرتو چەند خۆشەویست بوو لەلای. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو شەخسیەتە کامڵەو ئاستی ڕۆشنبیری ئەم پیاوە, دیاربوو چەند شۆڕشگێڕ بوو. بەڕاستی ئێمە کە باس لە دیموکراسی دەکەین باس لە مافی ژنان دەکەین, پێویستە هەمو پیاوەکان بە تایبەتی سیاسیەکان کە حیسابی جیایان بۆ دەکرێت, وەکو مامۆستا جەمال تاهیر وابن.

من لە دراوسێیەتیو رەفاقەتی ئەم پیاوە گەلێك مورتاح بووم.

دوای ئەوەی ناوزەنگمان جێهێشت. من گەڕامەوە سلێمانی بۆ دیدەنی منداڵەکانم, مامۆستا جەمال هەندێ نامەو ڕاسپاردەی دامێ, پێیوتم تا بیگەینمە برادەرانی ڕێکخستنو بەمنی وت کە بەدری خانی خێزانی سەردانی بکات لە بالیسان. وابو بەدری خان بۆی نەکرا سەردانی بکات. کەمن گەڕامەوە, گەیشتمە بالیسان, بینیم مامۆستا جەمال بە رانکوچۆغەوە خۆی پۆشتەو پەرداخ سازداوەو بەوپەڕی ئەناقەتی خۆیەوە لە چاوەڕێی بەدری خانە کە ئەوم لەگەڵدا نەبوو, وتی (پاکیزە خان ئەی کوا بەدری) منیش وەڵامم دایەوە وتم (وەڵڵا مامۆستا, نەیتوانی بێت, ئینشائەڵڵا بەم زوانە دەگاتە لات). نارەحەتیو پەستی پێوە دیاربوو لە ناخیەوە خەم دایگرت, بەڵام زۆری لەخۆ

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

کرد کە پێوەی دیار نەبێت.. دوای هەندێ دانیشتن هەڵساو رۆیشت, پاش سەعاتێك ئەم کارەساتە دڵتەزێنەی بەسەر هات. ئەو سەیارەیەی ئەوی تێدا بوو وەرگەڕا گیانی پاکی بەخاك سپارد, من هەرگیز ئەو ساتەم لەیاد ناچێت هەمیشە لە بیرم دا بە زیندوویی ماوەتەوە. حەیف بە دیدەنی خێزان‌و منداڵەکانی شاد نەبوو, بەڕاستی هەر هەمووومان نارەحەت‌و دڵتەنگ بووین.

**پاکیزە مستەفا زیاد**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com